ڕووداونێت | دەربارەی ئێمە | ڕێکلام بکە | پەیوەندی کردن | نەخشەی ماڵپەڕ
کوردی | Kurdî | English | Türkçe | عربي
وەرە ژوورەوە / خۆت تۆمار بکە

پەخشی ڕاستەوخۆ لەگەڵمان بە

هەمووماڵپەڕ وشە سەرەکییەکان بنووسە گەڕان

کوردستان | ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | جیهان | ئابووری | هەڤپەیڤین | بیروڕا | کولتوور و ستایل | تەندروستی | وەرزشی | مەڵتیمیدیا | ڕووداوی تۆ | پەخش

# بیروڕا

## بۆ پەشێوی مەزن

لەلایەن فرسەت سۆفی 9/9/2017



*د.فەرسەت سۆفی

**لە بەرەبەیانەوە دەزانم نیوسەدەیە ڕۆژژمێری ڕۆژ و مانگ و ساڵان گەڵاگەڵا هەڵدەوەرێنی. زنجیرەی چیا قەف قەف دەبڕی. دەزانم نیوسەدەیە وشە بە وشە بۆ ئازادی نیشتمان دەچریکێنی. دەزانم داو بە داوی قژت لە چاوەڕوانی هەڵکردنی ئاڵا پێشکەشی بەفر کرد.**

هەرگیز لە بیرم ناچێت سی ساڵ بەر لە ئەمڕۆ منیش منداڵ بووم لە دوازدە وانە بۆ منداڵان خوێنەکەی تۆم لە گۆڕەپانی قوتابخانە بۆ منداڵە بێلانە ژێن تاڵەکان دەگێڕایەوە. کاتێک لە خوێندنا لە بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەشت بینی ئاڵای هەبوو، سپیت بینی ئاڵای هەبوو، هەرچیت بینی ئاڵای هەبوو. ڤیژاندیان ئەی بێ وڵات بۆ دەڕەوە، ئەی بێ ئاڵا بۆ دەڕەوە، گوتت مەقیژێنن کە چوومەوە ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دەگێڕمەوە. وا ئێمە نەوە دوای نەوە هەر لە منداڵییەوە دوازدە وانەکەی تۆ دەخوێنینەوە پیر دەبین و وانەشی لێ فێرنابین. هەرگیز لە بیرم ناچێت کاتێک لە قەرەجێکت پرسی: بەس تەماشای ناولەپم کە خۆ من نامەوێ پێم بڵێی دەبمە باوکی چەند منداڵ، زەنگین دەبم یان هەروا لات،تەنیا شتێکم پێبڵێ هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم یاخود دەبمە خاوەن وڵات.

پیاوی مەزن: دەزانم براکوژی حەسرەتی گەورەی بە دڵدا کردی .

دەزانم ئەمڕۆش بەهۆی دز و جەردەو گەندەڵ و تاڵانچییەکانی نیشتمان، خوێن لە جەرگت دەچۆڕێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەش خەریکە خۆری بەرەبەیانی ئێمە هەڵدێت، بۆیە ئەگەر ئەوا دوا وشەش بێت یان شیعری ماڵئاواییش بێت، ڕۆژ ڕۆژی تۆیە بەم میللەتە خێر لە خۆنەدیوە بڵێی: سەدان ساڵە لە بەردەرگەی تەکیەی جیهان جووتێک سۆڵی پینە پینەین، کێ لە پێمان کات بۆ ئەو دەشێین. ڕۆژ ڕۆژی تۆیە پڕ بە دەنگی زوڵاڵت هاوار بکەی، نابێ چیتر مەیتەری والی بەغدا بین، نابێ چیتر کوتاڵ فرۆشی تاران و ئەنقەرە بین، نابێ چیتر بێ پاسپۆرت و ئاسمان و ئاڵا بین. هەموومان لە هەر بستە زەمینێک بە دوای تۆدا بێڵێینەوە پڕ بە گەرووما هاوار بکەین: مەزاد ...مەزاد هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد بە پارچەیەک پەڕۆی سادە کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە لەسەر بستێک زەوی ئازاد.

نیشانەکردن : پەشێو

A A
Like 11K
Send
Tweet
G+
شەیری بکە

+ بۆ لیستی تەماشاکردن زیادی بکە

13488 ژمارەی بینین

بابەتە پەیوەندیدارەکان

دژایەتی گشتپرسی یان مۆدێرنیتەی بەکۆلۆنیکراوی کورد

بابەتی زیاتری فرسەت سۆفی

بزووتنەوەی گۆڕان و یاری مار و پەیژە

ببە بەشێک لە (ڕووداوی تۆ)

بابەت و وێنە و ڤیدیۆکانت لەگەڵ ڕووداو بەش بکە

بەشی بکە

تەواوی بابەتەکان وێنەکان ڤیدیۆ

قسەی تۆ


وێب فەیسبووک تویتەر



| 4/10/2017 | (3)
پووتین: لە بەرژەوەندی کەسدا نییە پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ کوردستاندا بیرێت



| 5/10/2017 | (1)
عەبادی و ماکرۆن چییان لەبارەی گشتپرسییەوە گوت؟



| 5/10/2017 | (1)
باڵیۆزی عێراق لە ڕووسیا: گەمارۆکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان کاتین



| 4/10/2017 | (2)
تارق سوەیدان: وەک غەززە و قەتەر گەمارۆی سەر کوردستانیش ڕێگەپێدراو نییە

### لە بەشەکانی دیکەی ڕووداوەوە



2 کاژێر لەمەو بەر |
نەشتەرگەری دابەزاندنی کێش، تووشبوون بە شێرپەنجە کەمدەکاتەوە
"چەندین سوودی دیکەی هەن"
زۆرتر

3 کاژێر لەمەو بەر |
لە سنووری کەرکووک شەڕەتەقە لەنێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ڕوویدا بەهۆی چەند چەکدارێکی داعشەوە زۆرتر



4 کاژێر لەمەو بەر |
چەسپێک جێگەی دوورینەوەی برین دەگرێتەوە

پیاوی مەزن: هیچ شتێک بە قەد هەڵکردنی ئاڵا بڕست بە رووحی شەهیدەکانمان نادات، نەیاد و بۆنە و چلە و پۆستەر و هۆنراوە ، نە دەقیقەیەک وەستان. هیچ شتێک بە قەد سەربەخۆیی نابێتە شنەبایەکی فێنک بۆ هەناسەی پڕ گازی خەردەلی منداڵانی هەڵەبجەی شەهیدکراو، هیچ شتێک بە قەد ئازادی نیشتمان نابێتە ئارامگەیەکی ئارام بۆ ئەنفالە گۆڕبزرەکانی عەرعەر و نوگرە سەلمان. بۆیە کاتی ئەوەیە جارێکی دیکە تێهەڵچینەوەو پشت لە نەواو روو لە کرێوە، هەسپمان هەور و رکێفمان چیا، نەوەستین تاوەکو کەشتییەکەی نوح ئەمجارەش لە خاکی پیرۆز لەنگەر دەگرێ .

*ئەندامی پەرلەمانی کوردستان .

Like 11K Tweet G+ شەیری بکە
Send

## کۆمێنتەکان

جلال شوانی | 9/9/2017 — 19 | 3
سڵاو لە برای بەڕێز کاک فرسەت دەستخۆش زۆر جوانت داهێناوە هیوادارم شاعری گەورەی گەلەکەمان ئەو پەیامە بخوێنێتەوە و شتێک بڵێ دوو بارە سەرکەوتوو بیت و دەستخۆش
رابگەیەنە

JANGA | 10/9/2017 — 14 | 3
DAST XOSH ZOR JWANA
رابگەیەنە

### کۆمێنتێکی نوێ دابنێ

وەکو میوان کۆمێنت دادەنێی یان بە چوونە ژوورەوە؟

لە فەیسبوک دابنێ

پشتراستی بکەوە

جێڵێکی نوێ برینەکانی ناوەوە و دەرەوەی لەش دادەخات زۆرتر

کوردی | Türkçe | English | Kurdî | عربي شەیری بکە بکەوە ناو لیستی ئیمەیلەکانمانەوە پشتراستی بکەوە
ڕووداونێت | کوردستان | رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | خەڵک و پیشە | ئیشتراک کردن | جیهان | ئابووری | هەڤپەیڤین | بیروڕا | تەندروستی | ڕووداوی تۆ | پەخش |
دەربارەی ئێمە | رێکلام بکە | پەیوەندی کردن | نەخشەی ماڵپەر | سیاسەتی پاراستنی نهێنییەکان | مەرجەکان
ئاگادارکردنەوە بۆ ئیمەیڵ | ئەو پرسیارانەی زۆر دەکرێن | هەلی کار | سایتی پێشوو
©Copyrights 2017 Rudaw. All rights reserved